

# روانگە و
# هەڵویستەکان

## **روانگە و هەڵویستەکان**

٢١ی مارسی ٢٠٢١

## **پێشەکی**

پــتر لە نیو سەدە لە سەرەتــای خــوڵقان و ڕسکانــی کۆمەڵە تێپەڕدەبێت. یەکەم پۆل و شــانەکانــی کۆمەڵە وەکوو ڕێکخراوێکی شۆڕشگێڕی پێشکەوتــنخواز، بەشێوەی نهێنی، لە ڕۆژی ٥ی خەزەڵوەری ساڵی 1348ی هەتاوی، ڕێکەوتی 27ی ئۆکتۆبری ساڵی 1969ی زاینی، هاتنە دامەزران.

خۆڕاگرتنی کۆمەڵە بۆ ماوەی نزیک بە دەهەیەک لە بارودۆخی سەختی ئەمنیەتیدا، لە کاتێکدا زوربەی ڕێکخراوە سیاسییە نهێنییەکانــی ئەو سەردەمە تێکدەشکان و پــرژوبڵاو دەبوون، بەرگە گرتنی زیندان و ئەشکەنجەی زۆری هەڵسووڕاوانی کۆمەڵە و پاراستنی گــرینگترین نهێننیەکان و ساغ هێشتنەوەی ڕێکخراوی کۆمەڵە و درێژەدانــی بەردەوام بە کاری سیاســی و ڕێکخراوەیی لەو هەلــومەرجە دژوارەدا، خۆی لەو سەردەمەدا دەسکەوتێکی کەم وێنە بوو.

ڕەگاژۆکردنی ئەو ڕێکخراوە تازەبابەتە لەنێو خوێندکاران و مامۆستایان و کۆڕوکۆمەڵی کرێکاران و جووتیاران و ژنان و توێژە چالاکەکانی کۆمەڵگای کوردستانی ڕۆژهەڵات، چوونە نــاو قــووڵایی کۆمەڵانــی خەڵک و چنینی بەحەوسەلەی تۆڕێکی پــتەو و بەبیروبــاوەڕی ڕێکخستن لە شار و گوندەکان لەژێر سێبەری هەڕەشە و گرتنی بەردەوامی ساواک بۆ مــاوەی نــزیک بە دە ســاڵ، ئەرکێکی قــورس و گــرینگ بــوو کە کۆمەڵە سەرکەوتــووانە لەعۆدەی هاتەدەر.

بەڵام کۆمەڵە تەنیا پێشەنگی کاری ڕێکخراوەیی نەبوو، بەڵکوو وێڕای ئەوەش بە لێکدانەوە و تــاوتــوێ کردنــی ڕەخــنەگــرانەی ئەزمــوونــی خەبــاتەکانــی هــاوچەرخــی گەلــی کورد و کەمــوکووڕییەکانیان، خــوێندنەوەی چڕوپڕی ئەزمــوونــی خەبــات لە ئێران و ئەزمــوونە

جیهانییەکانی خەباتی رزگاریخوازانە، شێلگیرانە بۆ شکڵ پێدان و هێنانە ئارای گوتارێکی مۆدێرن و سەردەمیانە بۆ کوردستان تێدەکۆشا. بەری ئەو تێکۆشانەش وررده ورده جێگەی خۆی لە زەین و مێشکی نەوەی خەباتکاری ئەو سەردەمەدا دەکردەوە و سەرنجی توێژە پێشکەوتنخواز و چالاکەکانی کۆمەڵگای کوردستانی بۆ لای خۆی رادەکێشا. خولْقاندن و پەرەپێدانی ئەو گوتارە لەنێو توێژی خوێندکاران و رووناکبیرانی ئەو سەردەمەی کوردستان، کە هاوئاراستە بوو لەگەڵ رەوتی گۆڕانکارییە ئابووری و کۆمەڵایەتی و فکرییەکانی سەردەم و هەر بۆیەش پێشوازییەکی بەرچاوی لێدەکرا، بەنۆبەی خۆی خزمەتێکی گەورە بوو بە گەشەی فکری و سیاسی لە کوردستان و زەمینەی بۆ چەسپانی زۆرتری رەوتی کۆمەڵەش فەراهەم دەکرد.

هەموو ئەو بنەمایانە کۆمەڵەیان تا رادەیەکی باش بۆ نواندنی نەقشی گەورەتر لە گۆڕانکارییەکانی داهاتوودا ئامادە کردبوو. هەر بۆیەش، لە کاتی سەرهەڵدانی خەباتی سیاسی جەماوەری بەدژی رژیمی پاشایەتی لە ئێران، کۆمەڵە وەکوو رێکخراوترین و لێبڕاوترین هێزی سیاسی لە کوردستان ئەرکی هاندان و رێکخستن و بەڕێوە بردنی بەشی هەرەزۆری بزووتنەی ئازادیخوازانەی کوردستانی رۆژهەڵات و پێشەنگایەتی کردنی جەماوەر لە قۆناغی راپەڕینی کۆتایی دژی رژیمی گرتە ئەستۆ.

دوای نزیک دەهەیەک لە دامەزراندنی یەکەم پۆلە نهێنییەکان، لە 26ی رێبەندانی ساڵی 1357 رێکەوتی 16ی فێڤریەی 1979، رۆژی گیان لەدەستدانی سەرکردەی دامەزرێنەر کاک حەمە حسێنی کەریمی، کۆمەڵە چالاکیی ئاشکرای خۆی بەناوی "کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران" راگەیاند و لە ماوەیەکی کورتدا لە رێکخراوێکی تۆکمەی سەردەمی نهێنی کارییەوە بەخێرایی پەرەی سەند و وەکوو حیزبێکی جەماوەری خاوەن گوتار و خاوەن قەوارەی کوردستان خۆی چەسپاند. بەدەستپێکی خەباتی ئاشکرای خۆی، کۆمەڵە پێی نایە قۆناغێکی نوێ و رێگەی بەجەماوەری کردنی گوتاری پێشکەوتنخواز و ئازادیبەخشی خۆی لە کوردستاندا خۆش کرد. مێژووی دواتر نیشانی دا کە پێکهاتنی کۆمەڵە و گوتارەکەی و هەروەها مانەوە و خۆ ڕاگرتن و

پەرەسەندنی بۆ ماوەی دەهەیەک و دواتریش دەسپێکی چالاکیی ئاشکرای، لەڕاستیدا بوون بە هێنەری قۆناغێکی نوێ لە ژیانی سیاسی هەموو کۆمەڵگای کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا.

ئەو لێکدانەوەیە ناتەواوە ئەگەر نەڵێین کە کۆمەڵە خۆی هەڵقوڵاوی کۆمەڵگای کوردستان و بەرهەمی گۆڕانکارییەکانی ئەو کۆمەڵگایە لە بەستێنی قۆناغێکی گرینگ لە مێژووی ئێران و ناوچەکە و جیهاندا بوو. لەو سەردەمەدا کۆمەڵگای کوردستان و هەموو ئێران ڕەوتێکی گەشە و گۆڕانکاری گەورەی تێپەڕ دەکرد: کۆمەڵگا لە نیزامی دەرەبەگایەتی و داخراوی رابوردوو رزگاری دەبوو و بنەماکانی کۆمەڵگایەکی سەرمایەداری نیمچە مۆدێرن شکڵی دەگرت. ئەو گۆڕانکاریانەش هاوتەریب بوون لەگەڵ رەوتێکی گەورە و بێ وێنەی پەرەسەندنی ئابووری سەرمایەداری لە ئاستی جیهانیدا کە هەموو کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دەخستە ژێر کاریکەرییەوە. لەلایەکەوە، چینی کرێکار لە کوردستان پەرەی دەستاند، شاڵاوی چوون بەرەو شار لە گوندەکانەوە لە پەرەگرتندا بوو و لەگەڵ خۆی جیهانبینی و فەرهەنگی کۆمەڵانی خەڵکی دەگۆڕی و باوکسالاری و کۆنەپەرستی دەبردە ژێر پرسیار و چاوکراوەیی و بڕوا بەخۆ و مافخوازی نەسلی نوێی دەگەشاندەوە. لەلایەکی ترەوە، خوێندن و چوونە زانستگا لە پاوانی بنەماڵە بەدەسەڵاتەکانەوە دەهاتە دەر و ئەو دەروازەیە بەرەوڕووی بەشێکی زۆر لە جەوانان دەکرایەوە و لەو رێگایەوە ئەوانی لەگەڵ دنیایەکی نۆێ ئاشنا دەکرد، خوێندەواری و چوونە سەرکاری ژنانیش لەوناوەدا دەبوو بە دیاردەیەکی بەرچاو. ئەمانە هەمووی چەمکی نوێی فکری و رۆشنبیری و سیاسی و گوتاری نوێی لە بیری خوێندکاران و رووناکبیراندا دەڕسکاند و دەهێنایە ئاراوە.

لە ئاستی جیهانیدا، بزووتنەوە سیاسی و کۆمەڵایەتییە پێشکەوتنخوازەکان لە دنیای رۆژاوا و بزووتنەوە رزگارییەخشەکان لە جیهانی سێهەمدا لە پەرەسەندا بوون و روانگەی چەپێکی نوێ لە جیهاندا دەبوو بە باو. لە ئێراندا ئاڵوگۆڕی سیاسی و رۆشنبیری بەرچاو دەهاتە ئاراوە و رەوتە سیاسییە سونەتیەکان کەوتبوونە بەر رەخنەی نەوەی نوێ. چەپێکی نوێ، جیاواز لە حیزبی تودە و بلۆکی جیهانیی شورەوی و رەخنەگر لەو ئەزموونە،

له ئێراندا سەری هەڵدابوو. لە کوردستاندا پێداچوونەوەی رخنەگرانە بە ئەزموون و شێوازەکانی بزووتنەوەی کوردی و دەرخستنی کەم و کورتییەکانی خەت و رەوتە تا ئەو کات باوەکانی کۆمەڵگا لە نێو نوخبەی سیاسیدا جێگەی خۆی دەکردەوە و گەڕان بەدوای رێگە چارەی نوێ بۆ پرسی کورد بیری نەوەی نوێی بەخۆوە خەریک دەکرد. یەک لەو گۆڕانکارییە سیاسی و فکریانە لە کوردستان سەرهەڵدانی کۆمیتەی شۆڕشگێڕی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران و جیاواز بوونەوەی لە بوواری نەزەری و سیاسی دابوو کە بەتایبەتی لەڕێگەی بزووتنەوە چەکدارییە شۆڕشگێڕانە کورتخایەنەکەی ساڵانی 47-46 و دواتریش شالاوێکی گەورەی راوەدوونان و زیندان و ئەشکەنجەی فراوان لە کوردستان سەرنجی نەسلی نوێ و دامەزرێنەرانی داهاتووی کۆمەڵەی بۆ لای خۆی راکێشابوو و بوو بە هۆی دەرس لێوەرگرتنیان. بەگشتی، لە دەهەی چلی هەتاوی شیعر و چیرۆک و ئەدەبیاتی نوێی کوردی سەری هەڵدابوو، کۆڕوکۆمەڵی خوێندکاران و چالاکانی سیاسی و رۆشنبیری لێرولەوێ بە نیمچە نهێنی دەگیرا، هەمووان لە وەڵامێکی نوێ دەگەڕان. ئەمانە بوون ئەو بەستێن و ژینگە سیاسیەی کە کۆمەڵە تێیدا رسکا و گەشەی کرد. لەسەرێکی دیکەشەوە، کۆمەڵە وەڵامێکی راستەقینە بە داخوازییەکانی سەردەم و بەپیرەوە چوونی داهاتوو بوو.

بەهەڵکەوت نیە کە کۆمەڵە توانی لە زۆر بوواردا وەکوو پێشەنگ و ڕچەشکێن دەرکەوێ و شوێنی قووڵی خۆی لەسەر فەرهەنگ و سیاسەتی کۆمەڵگای کوردستان و بزووتنەوەی رزگاریخوانەی گەلی کورد دانێت. ئەمڕۆ قسە لە بابەتگەلی وەکوو یەکسانی ژن، ئازادی رادەربڕین و رەخنە گرتن، پلورالیزم و فرەچەشنی سیاسی، خەباتی مەدەنی و رێکخستنە جەماوەرییەکان و هتاد ئاسایی و باوە، بەڵام لەبیرمان نەچێتەوە کە چل پەنجا ساڵ لەوە پێش بێ ئاگایی و تەنانەت دژیەرایەتی ئەو چەمکانە لە کوردستان کەم نەبوو و بێ هێزیش نەبوو. کۆمەڵە بە کردەوە پشتگیری لەو چەمکانەی دنیای مۆدێرن و پێشکەوتوو کرد، لەپێناو چەسپاندنی ئەو دەسکەوتانەدا خەباتی کرد و تەنانەت قوربانیشی بۆ دا. کۆمەڵە بەردەوام هاندەر و دەسپێشخەری هەڵپێچانی کۆسپەکانی سەر ڕێی گەشەی بیر و کرداری دێمۆکراتیک و سەردەمیانە بووە، رەنجی زۆری لەو پێناوەدا کێشاوە و نەقشی

بەرچـاوی لەوەدا نـوانـدووە کە بـابەتـگەلـی وەکوو خەبـاتـی مەدەنـی، بـزووتـنەوە کۆمەڵایەتییەکان، یەکسانی مـافـی ژن، خەبـاتـی کرێکاران و جـووتیاران، ئـازادی رەخـنە و بۆچوونی جیاواز، قبووڵی فرەچەشنی سیاسی، پێداگری لەسەر دێمۆکراسی و شەفافیەت لەنێوخۆی کوردستان و هتاد سەرەنجام ببنە بەشێک لە فەرهەنگی سیاسی جێکەوتووی کۆمەڵگای کوردستان.

لەبوواری وەستانەوە لەهەمبەر رژیمی کۆماری ئیسلامیش، هەڵوێستی کۆمەڵە نموونەیی کۆمەڵە بـوو و هەر لە یەکەم سـاتەکانەوە بـوێرانە رەخـنەی سیاسـی خۆی لە سیاسەت و هەنـگاوەکانـی ئەو نیزامە تـازەداسەپـاوە ئـاشکرا کرد و رایگەیانـد. بۆ وێنە کۆمەڵە یەکەم حیزبـی کوردستان بوو کە بایکۆتی رێفراندۆمی کۆماری ئیسلامـی راگەیاند و بانگەوازی بۆ کرد. هەڵوێست و بڕیاری هەمـوو حیزب و لایەنە سیاسییەکان لەم بـارەیەوە لاپەڕەیەکی پـرشـنگداری لە خەبـاتـی گەلـی کورد تۆمـار کرد. کۆمەڵە یەکەم حیزب بـوو کە لە هەمـان ئێوارەی رۆژی فەرمـانـی هێرشـی خـومەینی بۆ سەر کوردسـتان لە بیست و هەشـتی گەلاوێژدا بڕیار و بـانگەوازی وەسـتانەوە و بەرەنـگار بـوونەوەی بڵاو کردەوە، یەکەم فێرگەی پێشمەرگایەتی لەسەر خاکی کوردستانی رۆژهەڵات، بە نهێنی و سێ مانگ پێش هێرشی کۆمـاری ئیسلامـی بۆ کوردسـتان، لەلایەن کۆمەڵەوە لە لێڕەواری ئـاڵۆتـان کرایەوە و دوو دەورەی کادری پێشمەرگـایەتـی بۆ شۆڕشـی داهـاتـوو پێگەیانـد، یەکەم رێکخستنی هێزی پێشمەرگەی ژن لە کوردستان و کردنەوەی ئەو بووارە بەڕووی کچانی شۆڕشگێڕ لەژێر ئاڵای کۆمەڵە و رێبازەکەی هـاتە مەیدان، کۆمەڵە حیزبـی ڕچەشکێن و پێشەنـگ و رێنوێنیکاری خەبـاتە جەمـاوەرییەکان و رێکخستنە مەدەنییەکان بـوو، لەوانە رێپێوانە گەورە جەماوەرییەکان، کۆچـی مێژوویی مەریوان، یەکیەتـی جووتیاران، رێکخراوە کرێکارییەکان، رێکخراوە خـوێندکارییەکان، کانوونـی موعەلیمان، شوراکان، بنکەکان، رێکخراوەکانـی ژنان، رێکخراوە فەرهەنگی و ئەدەبیەکان و هتاد.

بەدوای هێرشی بێ پاساو و کۆنەپەرستانەی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کوردستان لە بیست و هەشتی گەلاوێژدا، کۆمەڵە دەسپێکی خەبـاتـی پێشمەرگایەتـی لە کوردسـتان راگەیانـد و

بوو به هەڵگری ئاڵای بەرەنگاری و بەم جۆرە قۆناغێکی دیکەی خەباتی کۆمەڵە و هەموو گەلی کورد سەری هەڵدا. کۆمەڵەی شۆڕشگێڕ بە لێکدانەوەی دروستی خۆی بەو نەتیجەیە گەیشتبوو کە کۆماری ئیسلامی کوردستانی ئازاد و ئازادیخوازی بۆ قبووڵ ناکرێت و درەنگ یا زوو هێرش دەکاتە سەری. بە دەستپێکردنی ئەو هێرشە دڕندانەیەش، کۆمەڵە هەموو توانای مرۆیی و سیاسی و رێکخراوەیی خۆی خستە مەیدانی خەبات و بەرەنگاری پێشمەرگانە و سەرەڕای ئیمکاناتی کەم و بەرتەسک هێزێکی پێشمەرگەی خاوەن بیروباوەڕ و خوبەخشی دامەزراند کە دە ساڵ بە پانایی هەموو کوردستان شەڕێکی بەرگری قارەمانانەی فراوانی بەڕێوە برد. ئەو هێزی پێشمەرگەیە پتر لە سی ساڵیشە کە سەرەڕای هەموو گیروگرفت و سەختی و گوشارێک، کۆڵەکەی راگری بزووتنەوەی رزگاریخوازانە و چەکوشی ئامادەی خەباتی گەلی کوردە. هەزاران شەهید و کەم ئەندامی مەیدانەکانی جەنگی موقاوەمەت، یادگاری پیرۆزی ئەو وەستانەوەیە مێژووییەن.

گوتاری کۆمەڵە سەبارەت بە پرسی نەتەوەیی، هەر لە سەرەتاوە گوتارێکی روون و لەسەر بنەمای پێناسە کردنی کورد وەک نەتەوەیەکی دابەشکراوی ستەملێکراو بووە و داوای مافی چارەنووسی بۆ ئەو گەلە کردوە. کاتێکیش خودی بزووتنەوەی کوردستان دروشمی خودموختاری کرد بە داخوازییەک کە ئاواتەکانی ئەو سەردەمەی تیدا بەدی دەکرد، کۆمەڵەش ئەو دروشمەی قبووڵ کرد و گەلاڵەی گونجاوی بۆ دەستنیشان کرد. ساڵانی دواتر و بە لەبەر چاو گرتنی ئەزموونی جیهانی و کوردستانی، کۆمەڵە یەکەم حیزبی کوردستانی رۆژهەڵات بوو کە فێدرالیزمی وەکوو بەرنامە و دروشمی گونجاوتر بۆ چەسپاندنی مافی نەتەوەیی کورد و بەگشتی وەکوو قەوارەی دێمۆکراتیکتر بۆ هەموو ئێران و نەتەوەکانی دیکەش لە کۆنگرەی نۆهەمدا پەسند کرد و بەخۆشییەوە ئێستا دروشمی زوربەی حیزب و لایەنەکانە. هەروەها کۆمەڵە یەکەم حیزب بوو کە لە کۆنگرەی دەهەمی خۆیدا ئاڵای کوردستانی بەرەسمی ناسی و پەسندی کرد.

هەروەکوو هەموو ئەو راستیانەی سەرەوە نیشانی دەدەن، کۆمەڵە نەک هەر رێکخراوێکی بەدیسپلین و بەبیروباوەڕ و بەرگەگر بوو، بەڵکوو هەروەها گوتارێکی نوێی

پێشکەوتنخوازانە و بزووتنەوەیەکی گەورەی سیاسی لە کوردستانیش بوو کە بەدەوری ئەو گوتارەدا خولّقا و تا ئێستاش بەردەوامە. کۆمەڵە هەم رەوتێکی نیشتمانپەروەر و هەڵگری ئاڵای رزگاری نەتەوەیی کورد بوو و هەم لە نێوخۆی کوردستاندا باسکار و داهێنەری بەها پێشکەوتووەکان بوو و نوخبەی پێشکەوتنخواز و عەداڵەتخوازی سەردەمی گرتە خۆ. هەم سەنگەری بەرەنگاری لەهەمبەر هێرشکارانی سەر کوردستانی ئاوەدان کردەوە و هەم لە نێوخۆی کوردستاندا بوو بە دەنگی هەموو بەش خوراوانی کۆمەڵگای کوردەواری، ڕەگاژۆی کردە ناو گەڕەکە هەژارنشینەکان، تێکەڵاوی پەراوێزنشینەکان و کرێکارانی کوورەخانەکان و زەحمەتکێشانی لادێکان بوو، بوو بە دەنگی ئەوانەی تا دوێنآ لە کۆمەڵگادا دەنگیان نەبوو و هەوڵی داوە ئەوانە بکا  بە سوار کە هەمیشە پیادەی مێژوو بوون. زێدەڕۆیی نابێ ئەگەر بڵێین بەدوای سەرهەڵدان و هاتنەئارای کۆمەڵە و گوتارەکەی و خەباتەکەی، سیاسەت لە کوردستانی رۆژهەڵات پێی نایە قۆناغێکی نوێ و بۆ هەمیشە لەگەڵ رابوردوو سنوورێکی کێشا.

لە مێژووی خەباتی کۆمەڵەدا، قوربانی و سەختی و هەوراز و نشێو کەم نەبوون. بە هەزاران گیانبەختکردوو و کەم ئەندام، بەهەزاران بنەماڵەی جەرگ سووتاو، بە هەزاران بەندکراوی سیاسی و دوورخراوە، لەکار دەرکراو، ماڵ زەوتکراو و لە خوێندن بێبەشکراو، ئەو قوربانیانە بوون کە گەلی کورد بۆ رزگاری خۆی و بۆ ئازادی و بەختەوەری و دادپەروەری لە رێگەی کۆمەڵەوە بەخشیویەتی. کارەساتی دڵتەزێن و بەسەرهاتی ناخۆشیش لە میژووماندا کەم نەبووە. کۆمەڵە تەنیا حیزب و لایەنێکی کوردە کە بێجگە لە کوردی باشوور و وێڕای ئەوان و لەسەر ئەوان کیمیاباران کراوە و بەر ئەنفال کەوتووە. هەروەها لایەنێکیشە کە لە کاتی هێرشی دڕندانەی داعش بۆ سەر هەرێمی کوردستان، بەشداری بەرگرییە نەتەوەیی و ئینسانیەی کردوە و بە رووسووری لەو ئەزموونە هاتۆتە دەر.

کۆمەڵە لە ماوەی پتر لەم پەنجا ساڵ خەباتە بەربڵاو و فرەڕەهەندەی خۆیدا، بێ هەڵە و بێ کەم و کووڕیش نەبووە. لەم بارەیەشەوە گرینگ ئەوەیە کە کۆمەڵە توانای لێکدانەوە و پێداچوونەوە، توانای رەخنە لە خۆ گرتن و راستکردنەوەی هەلەکانی لەخۆ نیشان داوە و

لەو بووارەشدا سەردەقی شکاندووە. گرینگرین و بەرچاوترین نموونەی لەو چەشنە، کە لەڕاستیدا بوو بە سەرەتای قۆناغێکی نوێ لە ژیانی سیاسی کۆمەڵەدا، پێداچوونەوەی ڕەخنەگرانەی ساڵی حەفتا و نۆی هەتاوی، واتا دووهەزاری زایینییە کە ئێستا زیاتر بیست ساڵی بەسەردا تێدەپەڕێ. لەو پێداچوونەوە ڕەخنەگرانەیەدا کە هەموو بابەتەکانی نەزەری و سیاسی و کردەیی لەخۆ دەگرت، لە هەر جێیەک کە ئاسەواری لێڵی یا ناڕوونی و هەڵەکاری کەوتبووە نێو سیاسەت و بەرنامەکان، ڕاست کرانەوە و شەفافیەت هێنرایەوە ئارا. ئەو شەپۆلە نەک هەر سیاسەت بەڵکوو مێتۆد و ڕوانینیشی هێنایە گۆڕان.

بەهۆی ئەم هەنگاوە بوێرانەیە کە لە مێژووی ئێمەدا بەناوی "ساغبوونەوەی کۆمەڵە" ناسراوە، کۆمەڵەی شۆڕشگێڕ توانی ئاسەواری چەند ساڵ قەتیس مانەوە و چەقبەستوویی ئیدەئۆلۆژیک لەخۆی داتەکێنێ و خۆی بخاتەوە سەر شاڕێی خەباتی سیاسی. لەلایەکەوە باشترین و گەشترین نەریتەکانی ساڵانی پڕ لە شانازی مێژووی کۆمەڵەی بەرجەستە کردەوە و لەلایەکی دیکەشەوە بە خوێندنەوەی گۆڕانکارییە جیهانییەکان و پێویستیەکانی سەردەمی نوێ، گوتاری کۆمەڵەی بردە ئاستێکی باڵاتر کە شیاوی دەسکەوتەکانی سەردەمی مۆدێرن، شیاوی پێشکەوتنەکانی گەلی کورد و شیاوی  کۆمەڵە و ئامانجە بەرزەکانی بوو. ئەو تەکانە وەکوو تەقینەوەیەکەی سیاسی لە کوردستان دەنگی دایەوە و شەپۆلێکی هیوا و گەشبینی بە دوارۆژی لەنێو جەماوەری دۆستان و لایەنگران خوڵقاند، جارێکی دیکە کۆمەڵەی لەگەڵ نەوەی نوێ و لەگەڵ نوخبەی کوردستان لێک هەڵپێکاوە و لە بەرتەسک بوونەوەی بنگەی کۆمەڵایەتی ڕزگاری کرد و دەروازەیەکی گەورەی گەشە و هاتنەوە مەیدانی بۆ واڵا کرد و سەرجەم بوو بە هۆی بووژانەوەیەکی گەورەی سیاسی و قۆناغێکی گرینگی لە ژیان و خەباتی کۆمەڵە و کوردستاندا هێنایە ئارا.

جێگەی ئاماژەیە کە هەموو ئەم دەسکەوتانەش لە بارودۆخێکدا دەستەبەر کراون کە کۆمەڵە لە سەرجەمی تەمەنی پێنج دەهە خەباتی خۆیدا تەنیا کەمتر لە دوو ساڵ لە نیمچە ئازادییەکدا ژیاوە، باقییەکەی یان ئیستیبدادی پاشایەتی بووە یان لەو خراپتر دیکتاتۆری ڕەشی کۆماری ئیسلامی زاڵ بووە.

لەم بارودۆخەدا، کۆنگرەی شازدەهەم بەپێویستی دەزانێ جارێکی دیکە سەرخەتی دید و سیاسەتەکانی لەم قۆناغەدا لە بەڵگەنامەیەک بەناوی "روانگە و هەڵوێستەکان" بەڕوونی رابگەیەنێت و بیخاتە بەردیدەی هەمووان و بانگەوازی هەموو تێکۆشەران و خەباتکارانی کوردستان بکا بۆ پشتگیری و خەبات لەو پێناوەدا.

**یەکەم. کۆمەڵە و پــرســی کورد لە ئێران.** پــرســی کورد لە ئێران پــرســی نەتەوەیەکی بێبەشکراوی سەرکوتکراوە و بـزووتـنەوەکەشـی بـزووتـنەوەی رەوای گەلێکی ئـازادیخوازە. کۆمەڵە لەو بڕوایە دایە بێبەش کران لە دەسەڵاتی سیاسی بنەمای پرسی کوردە لە ئێران. هەر بۆیەش کۆمەڵە بەکورتـی بۆ دەسـتەبەر کردنـی دەسەڵات و سەروەری دێمۆکراتیکی خەڵکی کوردستان لە سەر خاکی خۆیان تێدەکۆشێت.

لەڕاستیدا، پرۆژەی دەوڵەت نەتەوەی ئێران، واتا ئەو پرۆژەی سەدەی رابوردوو کە ئێران بە یەک نەتەوە و یەک زمـان دەزانێ و لە سەر بـنەمـای نـادیدە گـرتـن یان تـوانـدنەوەی نەتەوەکانی دیکە دامەزراوە و داسەپاوە، نەک هەر دژی سەرەتاکانی مافی مرۆڤە بەڵکوو لەگەڵ راستییە کۆمەڵایەتـی و سیاسییەکانـی وڵاتـی ئێران نـاتەبـایە و نـاتـوانێ چیدی لەو وڵاتە درێژەی هەبێ. ئەم مۆدێلە، هەر وەکوو ئەزمـوونـی مێژوویی نیشانـی داوە، تەنیا بە خنکاندنی دێمۆکراسی و پێشێل کردنی مافی مرۆڤ و بە دەست بردنن بە ئاگر و ئاسن پارێزگاری لێدەکرێ.  ئەو مۆدێلە دەبێ جێگەی خۆی بدا بە ئێرانێکی فێدراڵ کە تێیدا مافی کورد و نەتەوەکان بەرەسـمی بـناسـرێ. پـرۆژەی دەوڵەت نەتەوەی ئێران، واتـا ئیدیعای دەوڵەتـی تـاک نەتەوەی ئێرانـی، بە کردەوە و لە مێژوودا رەت کراوەتەوە و ئەگەر ئێرانـی داهـاتـوو بیهەوێ بمێنێتەوە و لە جەغـزی ئیستیبداد و سەرکوتیش بچێتە دەر، نـاتـوانـی فرەنەتەوە بوونی ئێران و مافی ئەو نەتەوانە نەسەلمێنێ.

کۆمەڵە هەر لە سەرەتـای پێکهاتنیەوە ئـاڵاهەڵگری رزگـاری نەتەوەیی و هەڵگری دروشـمی مافی دیاری کردنی چارەنووس بۆ گەلی کورد و داکۆکیکاری شێلگیری مافە نەتەوەییەکانی خەڵکی کوردسـتان بـووە و جـارێکی دیکەش لەسەر ئەو مـافە ڕەوایانە پێداگـری دەکات.

کۆمەڵە هەر چەشــنە هەڵواردنــی سیاســی، ئــابــووری و فەرهەنــگی داسەپــاو بەسەر کوردسـتانـدا رەت دەکاتەوە و خـوازیارە کە مـافە بـنەڕەتییەکانی وەکوو مـافی خـوێندن بە زمانی دایک، مافی ئیدارە وخۆبەڕێوەبەردن لە رێگەی مەجلیس و پارلەمانی هەڵبژێردراو و هتاد بۆ گەلی کورد و هەروەها گەلانی دیکەی ئێران بەڕەسمی بناسرێت و لەو روانگەیەوە لە نیزامی فێدراڵی نامتمرکز وەکوو گونجاوترین شێوازی پێکەوە ژیانی ئازادانە و یەکسانی گەلان لە ئێران و وەکوو لەمـپەرێک لە هەمـبەر ئیستیبداد و سەرەڕۆیی نـاوەنـد پشـتگیری دەکات و بۆ چەسپاندنی ئەو مافانە لە یاسای بنەڕەتی ئێراندا تێدەکۆشێت.

کۆمەڵە لێبڕاوانە رێکخستن و رێبەری کردن و بەسەرکەوتــن گەیانــدنــی بــزووتــنەوەی رزگــاریخوازانەی گەلــی کورد پــربەپڕ بە ئەرکی سەرشــانــی خۆی دەزانێ و شێلگیرانە لەو پێناوەدا هەوڵ دەدات. لەو ئـاراسـتەیەشـدا کۆمەڵە لە هەمـوو شێوازەکانـی خەبـات لەوانە مەدەنــی، سیاســی، پێشمەرگــانە، فەرهەنــگی، رێکخراوەیی و دیپلۆمـاتیک بۆ دەسـتەبەر کردنــی ئەو مـاف و داخـوازییانە کەڵک وەردەگـرێت هەروەهـا بۆ هەر چەشـنە هـاوکاری و یەکگرتووییەکی کوردی کە بە ئامانجەکانی ئەو بزووتنەوەیە خزمەت بکا، ئامادەیە و هەوڵی بۆ دەدا.

هەر لەم پەیوەنــدەدا کۆمەڵە بەڕاشکاوی رایدەگەیەنێت کە یەکگرتــوویی لە کوردســتانــی رۆژهەڵات بە یەکێک لە سەرەکیترین پرسەکانی کۆمەڵگای خۆمان و بە پێویستییەکی بێ ئەمــلاولای سەردەم دەزانێت و لەو بڕوایە دایە کە گەشە و سەرکەوتــنی بــزووتــنەوەی رزگاریخوازانەی کوردستان و پاراستنی سەرکەوتووانەی کوردستان بەستراوەتەوە بە دابین کردنــی یەکگرتــوویی سیاســی و پێشمەرگــانە لەنێو هێزە سیاسییەکان و بەگشــتی لەنێو کۆمەڵگادا. هەر لەو سۆنــگەیەشەوە کۆمەڵە هەوڵدان بۆ ئەو یەکگرتــووییەی بە ئەرکێکی گــرینگی خۆی زانیوە و یەکەم هێز بــووە کە ئەو بیرۆکەی بڵاو کردۆتەوە و پــتر لە بیست ساڵە تێکۆشان بۆ بەرەیەکی کوردستانی کردوە بە بەرنامەی پەسندکراوی خۆی.

هەر لە درێژەی ئەو سیاسەتەدا، ئێمە داواکارین کە هەر لە ئێستاوە گەڵاڵەی "ئێدارەی هـاوبەشـی کوردسـتان لە دەورەی ئینتیقالیدا" بە بەشـداری هەمـوو هێزەکان و پسـپۆڕانـی

ناوخۆی وڵات ئامادە بکرێت کە ئەگەری گۆڕانکاریدا ئەو ئیدارە هاوبەشە بۆ دەورەیەکی دیاریکراو هەتا سەقامگیر بوونی بارودۆخەکە و فەراهەم کردنی هەڵبژاردنێکی ئازاد ئیدارەی کوردستان بەدەستەوە بگرێت و لایەنی یاسایی، ئاسایش، پێشمەرگە، دارایی، خەدەمات، پەروەردە و هتاد بگرێتە ئەستۆ.

دوهەم. نیزامی کۆماری ئیسلامی و گۆڕانکاری سیاسی لە ئێران. کۆماری ئیسلامی ئێران رژیمێکی دیکتاتۆری تۆتالیتەر و سەرکوتگەرە کە گشت بووارەکانی ژیانی تاک و کۆمەڵگای خستۆتە ژێر چنگی خۆی و هەموو دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری لە دەست ویلایەتی فەقیەدا تاپۆ کردووە.

ئەم نیزامە لەسەر بنەمای بێ ماف کردنی زوربەی زۆری کۆمەڵانی خەڵک، ستەم و بێ مافی نەتەوەکان و ئایینە جیاوازەکان و کرێکاران و ژنان و جیابیران دامەزراوە و ئەو هەڵاواردن و بێ مافیانەی کردووە بە یاسای بنەڕەتی وڵات. رێگە گرتن لە گەشەی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی ئازاد، نەهێشتنی ئازادییە سیاسی و پیشەیی و تاکەکەسییەکان، نەهێشتنی ئازادی بیروباوەڕ و راگەیاندن و رۆژنامەکان، نەهێشتنی دام و دەزگای قەزایی سەربەخۆ و ئاواڵە کردنی دەستی ئۆرگانە ئەمنییەتییەکان و ڕەوایی دان بە ئەشکەنجە و ئازاری زیندانییەکان بە ناوی "تەعزیری شەرعی"، ئەمانە پێناسە و کارنامەی راستەقینەی کۆماری ئیسلامین. کۆماری ئیسلامی ئێران یەکێک لە گەورەترین پێشێلکارەکانی مافی مرۆڤە لە جیهاندا. لە هەموو ئەو بێمافی و توندوتیژی و پێشێلکارییەشدا، گەلی کورد پشکێکی سەرەکی بەرکەوتووە.

کۆماری ئیسلامی وڵاتی ئێرانی نوقمی گەندەڵی، رانتخۆری، ناکارامەیی، هەژاری، داڕووخانی ئابووری، پەککەوتەیی بەرهەم هێنان و بێکاری لە ڕادەبەدەر کردووە، سەروەت و سامانی وڵاتی هەڵلووشیوە یان بە فیڕۆی داوە، ژینگەی کاول و چەپەڵ کردووە، ئاوی نەهێشتووە، و هەموو کۆمەڵگای ئێرانی بەرەو داڕزان بردووە.

لە سیاسەتی دەرەوەدا کۆماری ئیسلامی رژیمێکە کە زیاتر لە چل ساڵە وڵاتی ئێرانی خستۆتە قەیران لەدوای قەیران، بۆتە گەورەترین ڕێکخەر و داڵدەدەری تێرۆریزم لە

نــاوچەکەدا و دوژمــنایەتــی هەمــوو دراوسێکانــی بۆ خۆی کڕیوە و مــاکی بڵاو کردنەوەی نەفرەت و قینی مەزهەبی لە رۆژهەلاتی ناوەڕاستە.

ئەو رژیمە بەتایبەتی دژی هەموو مافێکی ئینسانی و ڕەوای گەلی کورد وەستاوەتەوە و پتر لە چل ساڵە کە بە ئاگر و ئاسن کوردستان دەکوتێ، تەنیا بە زمانی گرتن و کوشتن لەگەڵ خەڵکی کوردستان دواوە و هەموو هەوڵێکی گەلی کوردی بۆ چارەسەری ئاشتیانەی پرسی کورد لە ئێران پەک خستووە. کۆماری ئیسلامی سەروەت و سامانی ژێرزەمینی کوردستانی بەتــاڵان بــردووە، هەوڵی داوە پێکهاتەی دێمۆکرافــی کوردســتان بگۆڕێ، کەمــترین سەرمایەگوزاری و پیشەسازی و ئاوەدانی لە کوردستان بەڕێوە بردووە بەڵام زۆرترین ڕێژەی ئیعدام و ئیعتیاد و بێکاری و تەقەکردنــی نـایاسـایی و ڕەشەکوژی بۆ کورد تەرخـان کردووە، دیاردەی تەقە کردنــی بێ پــاســاو و بێ بەزەییانــنە لە کۆڵبەرانــی کورد لە دنیادا دەنــگی داوەتەوە. لە ســایەی ئەم نیزامەدا، کورد دەسەڵاتە ئیدارییە بــاڵاکانـــی لێ قەدەغەیە، خـوێندکارانـی کورد لە هەمـووان زیاتـر بەر تیغی گـوزینش دەکەون و لە خـوێندن بێ بەش دەکرێن، خوێندن بە زمانی زگماک ئێستاش لە سەدەی بیست و یەکدا قەدەغەیە، حیزبە سیاسییەکان کە هەڵقولاوی نـاخـی کۆمەڵگا و خۆشەویستی کۆمەڵانـی خەڵکن قەدەغە و قاچاغن و هەمیشە لەبەر دەم هەڕەشەی تێرۆریستی و خراپەکاری دان.

گۆڕانکاری لە نیزامــی سیاســی وڵاتــی ئێران و لاچــوونــی رژیمی کۆمــاری ئیسلامــی پێویستییەکی ئابووری، سیاسی، فەرهەنگی، ئەخلاقی و مرۆیی بۆ هەموو خەڵکی ئێرانە و بۆ کوردیش هەروەها و بەتایبەتی تر ڕێگەخۆشکەری گەشە و توانای تازەیە بۆ گەیشتن بە ئـامـانجەکانـی. بەڵام ئەرکی گۆڕانـی نیزامـی سیاسـی نە بەتەنیا لە ئەسـتۆی بـزووتـنەوەی رزگــاریخوازی کوردســتانە و نە لەتــوانــاشــی دایە، بەڵکوو ئەرکێکە لە ئەســتۆی هەمــوو کۆمەڵانی خەڵکی ئێرانە.

کۆمەڵە هەر لە سەرەتـای هــاتــنە سەرکاری ئەو رژیمەوە پێشەنــگی قــبووڵ نەکردنــی ئەو دەسەڵاتە گەنـدەڵ و سـتەمکارە بـووە و ئەو بەرچـاوڕوونییەشـی بە کۆمەڵگای کوردسـتان بەخشیوە. ئێمە جارێکی دیکەش رایدەگەیەنین کە خوازیاری هەڵپێچانی کۆماری ئیسلامی

و نیزامــی ویلایەتــی فەقیهین و بۆ گۆڕانکارییەکی بــنەڕەتــی لە نیزامــی سیاسیدا هەوڵ دەدەین کە ئێران بکاتە کۆمەڵگایەکی ئازاد و دێموکرات، سێکولار، فێدراتیو و دادپەروەر کە تێیدا مافە رەواکانی گەلی کورد بەتەواوی چەسپێندراون.

ئەو گۆڕانکارییە لە ئــاســتێکی بەریندا دەروازە بۆ گەشەی سیاســی کوردســتانــی ئێران دەکاتەوە و بارودۆخی لەبار بۆ بزووتنەوەی مافخوازانەی کوردستان و هاتنە دی ئاوات و داخوازییەکانی دەهێنێتە ئاراوە. ئێمە هاوخەباتی و هاوپشتی کورد لەگەل گەلانی ئێران لەپێناو ئــامــانــجە هــاوبەشەکانــدا بە سیاسەتێکی رەوا و گــونــجاو دەزانین. کۆمەڵە بە لێکدانەوەیەکی بابەتی و بەرپرسانە، بۆ دەستەبەر کردنی ئەو هاوکاری و هاوخەباتییە هەوڵ دەدا و هەر لە ئێستاوە و لە سەرجەمــی ئەو پــرۆسەیەشــدا پــارێزەری مــاف و بەرژەوندییە سەربەخۆکانی گەلی کورد دەبێت.

**سێهەم. کۆمەڵە و کرێکاران و زەحــمەتکێشانــی کوردســتان**. کۆمەڵە هەر لە سەرەتــای دامەزرانییەوە هاوکار و هاندەر و داکۆکیکاری خەباتی کرێکاران و زەحمەتکێشانی شار و لادێکان بــووە و کار کردن و خەبات لە پێناوی ماف و بەرژەوەندییەکانی ئەوان پێناسەی نەسڕاوەی کۆمەڵەیە. کۆمەڵە و کادرەکانــی هەر لەسەردەمــی خەبــاتــی نهێنییەوە لە تووتنەوانەکان و جووتیارانی زەحمەتکێشەوە بگرە هەتا کرێکارانی جادەسازی و بیناسازی و کوورەخانەکان و کارگەکانی کوردستان و هەتا کرێکارە وەرزییەکان و کۆڵبەران، تێکەڵاوی ژیان و خەباتی کرێکاران و زەحمەتکێشانی شار و لادێکانی کوردستان بوون. هێنانە ئارای گــوتــاری داکۆکی لە کرێکار و مــافــی کرێکاری لە ئــاســتێکی فــراوانــی کۆمەڵایەتیدا، بڵاو کردنەوەی خۆوشیاری چینایەتی و سیاسی و رێکخراوەیی بە کرێکاران و ئاشنا کردنی ئەوان بە مــافەکانیان و پێبەخشینی رێز و بڕوا بەخۆ، خــزمەتێکی مێژوویی بــووە کە کۆمەڵە بە چینی کرێکار و بە هەموو کۆمەلگای کوردستانی کردووە. تێکەڵاوی و چوونە ناو کرێکاران و زەحمەتکێشان و پەراوێزنشینەکان و هاوخەپشتی و هاوخەباتی لەگەڵیان، بەشێکی جیانەکراوەی مێژووی کۆمەڵە و هەروەهــا بەشێکی دانەبڕاو لە بەرنــامە و خەبــاتــی ئێستایەتی.

کۆمەڵە پارێزەری ماف و بەرژەوەندەکانی چینی کرێکار و زەحمەتکێش و چەوساوەیە و لە مافی ئەوان بۆ خۆرێکخستنی ئازاد و سەربەست و لە سەندیکا و رێکخراوە مەدەنییەکان و لە یاسای کارێکی سەردەمیانە و دادپەروەرانە کە بتوانآ مافی کرێکاران بپارێزی بەکردەوە پشتیوانی دەکا و دژی هەرچەشنە چەوسانەوە و ستەمکارییەک دەوەستێتەوە.

لەپێناو دەستەبەر کردنی عەداڵەتی کۆمەڵایەتی و بۆ خزمەت کردن بەو ئامانجانەی سەرەوە، کۆمەڵە بەرنامەی ئابووری و کۆمەڵایەتی سۆسیال دێمۆکراسی بە گونجاو دەزانێ و رەچاو دەکا.

**چوارەم. کۆمەڵە و بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و مەدەنییەکان.** کۆمەڵە لە هەموو مێژووی خۆیدا پێشەنگ و ئاڵاهەڵگری خەباتی جەماوەری و مەدەنی لە کوردستانی رۆژهەڵات بووە. مێژووی چەند دەهەی رابوردووی کوردستان گەواهی ئەو راستییەیە. یەکیەتی جووتیاران و رێپێوانە مێژووییەکان بەرەو مەریوان، شورای گەڕەکەکان و بنکەکانی سنە، شورای گوندەکان، "کانونی معلمان" و "شورای دانش ئاموزان"، رێکخراوەگەلی کرێکاران و بێکاران، رێکخراوەگەلی ژنان، مانگرتنی کوورەکان، مانگرتنە گەورە جەماوەرییە سەرکەوتووەکانی ئەم ساڵانەی دوایی، بزووتنەوەی مامۆستایان، بزووتنەوەی روو لە گەشەی ژینگەپارێزی لە کوردستان، خەبات بۆ پاراستنی مافی منداڵان، خەبات بۆ لێخۆش بوون و پەکخستنی مەکینەی ئیعدام لە کوردستان، کۆڕ و کۆمەڵی هونەری و ئەدەبی و بابەتگەلی لەم چەشنە، ئەمانە لە مێژووی کۆن و نوێی کۆمەڵەدا تۆمار کراون. بەگشتی، کۆمەڵە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و خەباتی مەدەنی بە بووارێکی سەرەکی خەباتی رەوای کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و هەروەها بە بەشێکی ئەساسی خەباتی خۆی دەزانآ و بەتایبەتی لەم قۆناغەدا بەگەرمی پشتیوانی خۆی لە هەموو چالاکییەکانی ئەو بووارە دەردەبڕێ و پشتگیری و بەشداری و هاوخەباتی لەگەڵ ئەو بزووتنەوانە و دەستپێشخەری لەو خەباتانەدا بە ئەرکی سەرشانی هەڵسووڕاوانی کۆمەڵە دادەنێت.

**پێنجەم. کۆمەڵە و مافی ژن.** ژنان لە کوردستان هەر لە دەسپێکی ئاخێزی گەورە و جەماوەری گەلانی ئێران بە دژی رژیمی پاشایەتی، دەور و رۆڵێکی بەرچاویان لە رەوتی

ڕووداوەکان و لە پێشبردنی بزووتنەوە دژی دەسەڵاتی سەرەڕۆی پاشایەتی گێڕا. لەسەر زەمینەی گۆڕانکارییە ئابووری و کۆمەڵایەتیەکانی دەهەی پێشوو و هەروەها بە کەڵک وەرگرتن لە کەش و هەوای سیاسی کوردستان و هەبوونی بزووتنەوەیەکی مافخوازانە و موقاوەمەتی نەتەوەیی کورد بەرامبەر بە داگیرکاری و خۆسەپاندنی هێزە کۆنەپارێزەکانی ناوەند و بەتایبەتیش بەهۆی پێشەنگایەتی و دەسپێشخەری هێزێکی پێشکەوتنخوازی وەکوو کۆمەڵە، ژنانی کوردستانی ڕۆژهەڵات لەدوای داسەپانی کۆماری ئیسلامیش بەشداری بەرفراوانیان لە خەباتی سیاسی و ئازایخوازانە درێژە پێدا و هەروەها چەندین هەنگاوی گەورەیان لەپێناو چەسپاندنی ماف و ئازادییەکانی ژنان بەرەو پێشەو هەڵگرت و تا ئێستاش دەسکەوتی مەزنیان بەدەست هێناوە.

بە هەمان شێوە، لە بواری کۆمەڵایەتیشدا ژنان لە کوردستانی ڕۆژهەڵات، سەرەڕای هەموو ئاستەنگە یاساییەکان و نەریتە کۆنەپارێزەکانی ناو کۆمەڵگا کە لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە پاڵپشت دەکرێن و دنە دەدرێن، لە خەباتی مەدەنی و بوارەکانی خوێندن و کار و چالاکییە فەرهەنگیەکان پێشکەوتنی گەورەیان بەخۆیانەوە دیوە و جێگە و پێگەی بەرچاویان لە کۆمەڵگای کوردستان و ئێرانیش بۆخۆیان تۆمار کردوە.

کۆمەڵە حیزبی پێشەنگ و ڕچەشکێنی مافی ژنانی کورد و ئاڵاهەڵگری یەکسانیخوازی ڕەگەزی و خەباتکاری ئەو بووارە بووە. هێنانە ئارای گوتاری رزگاری ژن و بە جەماوەری کردنی ئەو گوتارە لە کوردستانی ڕۆژهەڵات، پێشەنگایەتی کردنی خەبات بۆ یەکسانی مافی ژنان و بەرێکخراو کردنی ئەو خەباتە و خوڵقاندن و پێشەنگایەتی کردنی دیاردەی پێشمەرگایەتی ژنان بۆ یەکەم جار لە مێژووی هەموو کوردستاندا، ئەمانە خاڵی درەوشاوەی کارنامەی خەباتی کۆمەڵەن.

کۆمەڵە کار کردنی زۆرتر و چڕوپڕتر لەسەر ئەو بزووتنەوەیە بە ئەرکی سەرشانی خۆی دەزانێ و لەوانە گەڵاڵە کردن و ڕاگەیاندنی مافنامەی ژنی کورد بۆ بەرز کردنەوەی وشیاری و دانی توانای زیاتر بە بزووتنەوەی یەکسانیخوازی ژنانی کوردستانی ڕۆژهەڵات و هەروەها تواناسازی ژنان لە نێوخۆی حیزبدا بە ئەرکێکی پێویست دادەنێت.

**شەشەم. کۆمەڵە و خەباتی پێشمەرگانە.** پێشمەرگایەتی و خەباتی پێشمەرگانە، بووارێکی گـرینگ و چـارەنـووسـسازی خەبـاتـی گەلـی کورد بۆ رزگـاری بـووە و هەیە. کۆمەڵە وەکوو دامەزرێنەرێکی خەبـاتـی پێشمەرگـانە لە کوردسـتانـی رۆژهەڵات و وەکوو خـاوەنـی هەزاران پێشمەرگەی شەهید، جـــارێکی دیکەش لەسەر گـــرینگی هێزی پێشمەرگە، لەسەر کاریگەری ئەو هێزە لە دەستەبەر کردنی ئازادی و رزگـاریدا پێداگری دەکات. بەبڕوای ئێمە نەک هەر هێشتا قۆنـاغـی خەبـاتـی پێشمەرگـانە لەکوردسـتانـی ئێران کۆتـایی نەهـاتـووە، بەڵکوو ئەم شێوازە لە خەبات وەکوو کۆڵەکە و بڕبڕەی پشتی بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی گەلـــی کورد جێگەی دیاری خۆی هەیە. هێزی پێشمەرگە وەکوو پـــاڵپشتێکی گـــرینگ بۆ خەباتی سیاسی و مەدەنی، وەکوو راگری ورە و هیوای کۆمەڵانی خەڵک و قورسایی دان بە هێزی ئەوان لە پـارسەنـگی نێوان کورد و دەسەڵاتـی نـاوەنـد، وەکوو هەڕەشەی بەردەوام لەسەر رژیمی کۆمـاری ئیسلامـی ئێران و رەوێنەری مەتـرسـی کوشـت و بڕ و ئیعدامـی بە کۆمەڵی خەڵکی کوردسـتان لەلایەن ئەو رژیمەوە، وەکوو چەکوشـی ئـامـادەی کۆمەڵانـی خەڵکی کوردســـتان بۆ کاتـــی راپەڕین و سەرەنـــجام وەکوو بـــنەمـــا و کۆڵەکەیەک بۆ دامەزراندنی هێزی یەکگرتووی پێشمەرگەی کوردستان و پارێزەری سبەی رۆژی نیشتمانی کوردستانی رۆژهەڵات، پێویستییەکی بێ ئەملاولایە.

لە هەمـان کاتـدا، کۆمەڵە بڕوای قـووڵی یە شکڵ پێدانـی هێزی یەکگرتـووی پێشمەرگەی کوردسـتانـی روژهەڵات هەیە و دامەزرانـدنـی هەرچـی زووتـری ئەو هێزە بە پێویستییەکی حـــاشـــاهەڵنەگـــری ئەم سەردەمە دەزانێ. هەم بەرژەوەنـــدی نەتەوەیی و مەسڵەحەتـــی بـزووتـنەوەی رزگـاریخوازانەی گەلـی کورد وا دەخـوازێ و هەم پێوەرەکانـی کۆمەڵگایەکی مۆدێرن و پێشکەوتـووی سەردەم تەکلیف لە هەمـوومـان دەکا کە بەهـاوبەشـی "هێزی پێشمەرگەی کوردســـتان" دامەزرێنین. "هێزی پێشمەرگەی کوردســـتان"، پێکهاتـــوو لە پێشمەرگەی هەمـوو هێزە سیاسییەکان و هەمـوو خـوازیارێکی نیشتمانپەروەر، نەک سەر بە ئەم یان ئەو حیزب بەڵکوو سەر بە سەرجەمی گەلی کورد و بۆ پاراستن ئازادی و ماف و ئەمنیەتـــی ئەو گەلە دەبێت و لە حـــاڵەتـــی گۆڕانکاریدا ئەرکی ئەمنیەت و ئـــاســـایشی شارۆمەندان و پاراستنی کوردستان دەگرێتە ئەستۆ. یەکخستنی هەموو هێزی پێشمەرگە

و کردنـــی بە هێزی پێشمەرگەی کوردســـتان مەرجێکی سەرەکی پێکهێنانـــی کیانێکی یاسامەند و سەردەمیانەی کورد لە ئێرانە.

**حەوتەم. ڕۆژهەڵات تەوەری.** کۆمەڵە لە ساڵانی رابوردوودا بە گوتار و بەکردار ڕۆژهەڵات تەوەری کردۆتە ئاراستەیەک کە لە زۆرێک لە سیاسەتەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە. گوتاری ڕۆژهەڵات تەوەری، کە خۆشبەختانە دەنگدانەوە و باوەش بۆ کردنەوەیەکی بەرچاوی لە کوردستان بەخۆوە بینیوە، ڕەگی لە قووڵایی ویستێکی گەورەی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستانی ڕۆژهەڵات و مێژوو و خەباتی هەزاران گیانبەختکردووی ئەو کۆمەڵگایە دایە. هاتنە ئارای گوتاری ڕۆژهەڵات تەوەری و جێگیر بوونی، بەمانای وەستانەویەکی ڕەوای کۆمەڵانی خەڵکە لەحاست بەپاشکۆ کردنی کوردستانی ڕۆژهەڵات. ڕۆژهەڵات تەوەری وشیار بوونەوە و وەستانەوەی نوخبە و جەماوەرە بەدژی ئەو هەوڵە ئاراستەکراوانەی کە دەیانـهەوێ بـزووتـنەوەکەمـان بەلاڕێدا بەرن و چەواشەی کەن، پێناسەکەی بسڕنەوە و پێناسەیەکی ساختەی بەسەردا بسەپێنن، ئامانجی لێ بگۆڕن و دوژمنی لەبەر چاو ون کەن و نەهێڵن تـوانـا و پۆتـانسیەلـی گەورەی ئەو خەڵکە لەپێناو ئـازادی و سەربەسـتی ڕاسـتەقینەی خۆیدا بکەوێتە گەڕ. ڕۆژهەڵات تەوەری، پێداگـرییە لەسەر سەروەری کوردستانی ڕۆژهەڵات و بەمانای چەسپاندنی بڕوابەخۆیی و هەستی خاوەنداریەتی ئەوانە بۆ زێدی خۆیان و بزووتنەوەکەیان.

**هەشتەم. پاراستنی ژینگەی کوردستان و گەشەی ئابووری.** سیاسەتی کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە ژینگە لە هەموو ئێران کارەساتبار و لە کوردستان بەتایبەتی تاڵانکارانە و کاولکارانە بووە. ناکارامەیی، دزی و گەندەڵی لەو بوارەشدا کارەساتیان خوڵقاندوە. تەنانەت کانگاکانی کوردستان و ئاسەوارە مێژووییەکان لە تاڵان و وێرانکاری پارێزراو نەبوون.

کوردسـتانـی ڕۆژهەڵات بە رووبەری سێ هێندەی وڵاتـی هۆڵەنـد، خـاوەنـی ژینگەیەکی دەوڵەمەند و فرەچەشن، خاکی بەپیت، ئاوی زۆر و زەوەند، کانگای بەنرخ و توانایەکی فراوان بۆ گەشەیەکی ئابووریی زانستیانە و ژینگەدۆستانەیە. پاراستنی ژینگەی کوردستان،

به ئـــاو و خـــاک و چیا و دۆڵ و لێڕەوار و دارســـتان و کانـــگاکان و ڕووەک و ژینەوەر و ئاژەڵەکانیەوە، بە پوختی و پاک و خاوێنی نەک هەر بۆ ئێستا بەڵکوو بۆ نەوەکانی داهاتوو، ئەرکی هەمـوو شـارۆمەنـدانـی کوردسـتان و بەتـایبەت ئەرکی هەر دەسەڵاتێکی سیاسـی بەرپرسە لە کوردستان.

کۆمەڵە خۆی لەئـاسـت ژینگەی کوردسـتانـدا بە بەرپـرس دەزانێ و لەو بڕوایە دایە کە چۆنیەتی کەڵک وەرگرتنی دروست و زانستیانە لە ژینگەی کوردستان، نەک هەر ئابووری ئێستامـان بەڵکوو داهـاتـووی ئێمە و نەوەکانیشمان دیاری دەکا. لەم پێناوەدا، بـاشـترین ڕێگا بۆ پاراستنی ژینگە و لەهەمان کاتدا دەرهێنانی بژیوی شیاو بۆ گوزەران و بەختەوەری دانیشتووانـی، وەرگـرتـنی چـوارچێوەی "گەشەی بەردەوام" و ڕێنوێنییە حەڤدە خـاڵەکەی نەتەوە یەکگرتـووەکانە. گەیشتن بەو ئـامـانـجە پێویستی بە کۆمەڵێک مەرجە، لەوانە بەتـایبەت هەبـوونـی نیزامێکی دێمۆکراتیک کە بەشـداری کۆمەڵانـی خەڵک لە بڕیارە چارەنووسسازە ئابووری و ژینگەییەکاندا دەستەبەر بکا، پەروەشی و بەرپرسایەتی هەموو شـارۆمەنـدانـی کوردسـتان لە ئـاسـت ژینگە، هەبـوونـی بەرنـامەی پەروەردە و فێرکاری لە ژینگەپـارێزی هەر لە خـوێندنـی سەرەتـاییەوە و تێگەیانـدن و وریا کردنەوەی بەردەوامـی کۆمەڵگا سەبـارەت بەو بـوارە، ڕاگـرتـنی ژمـارەی حەشیمەت لە ڕادەیەکدا کە ژینگەی کوردسـتان بـتوانێ بەخێوی بکا، مـودیریەتـی زانسـتیانەی ئـاو و خـاک و جەنـگەڵداری و ئـاژەڵداری و کشتوکاڵ، پـاراسـتنی فـرەچەشـنی ڕووەک و ژینەوەرەکان، کەڵک وەرگـرتـنی زانستیانە و بەرپرسانە لە کانگاکان، کەڵک وەرگرتن لە سەرچاوەکانی وزەی پاک و قابیلی نوێبوونەوە، مودیریەتی زبڵ و زاڵ و پاشماوە سەنعەتیەکان، و هتاد.

بەخۆشیەوە لە سـاڵانـی ڕابـوردوودا، وشیاری ژینگەپـارێزانە و خۆڕێکخستن و چـالاکی لەو بـووارەدا لە کۆمەڵگای کوردسـتان لە هەڵکشانـدا بـووە و زۆرێک کۆڕ و کۆمەڵ و ڕێکخراوی مەدەنـی بۆ خـزمەت بەژینگەی کوردسـتان و وشیاری بەخشین لەو بـووارەدا هـاتـوونەتە ئـاراوە. کۆمەڵە بەتەواوی پشـتگیری ئەو هەوڵانە دەکا و بە هەنـگاویگەلێک لە ئـاراسـتەی بیناتنانی کۆمەڵگایەکی پێشکەوتوو و سەردەمیانەیان دەنرخێنێ.

**نۆهەم. ئـازادی ئـایین و بیروبـاوەڕ.** کۆمەڵە بڕوای تەواوی بە ئـازادی ئـایین و بیروبـاوەڕ و هەروەها بە جیایی دین لە دەوڵەت هەیە. ئەزموونی جیهانی و هەر وەها ئەزموونی تاڵ و کارەساتـباری کۆمـاری ئیسلامـی و تـاڵیبان و داعیش و رەوتەکانـی دیکەی لەو چەشـنە لە دەهەکان و ساڵانی رابوردوو نیشانیان داوە کە دەوڵەت و دەسەڵاتی ئیسلامگەرا نەک هەر نەیتوانیوە کۆمەڵگاکان بەرەو پێشکەوتـن و تەبـایی و خۆشـبەخـتی رەوانە کات بەڵکوو گەورەتـرین کارەساتـی بۆ هەمـوو نەتەوە و وڵاتەکان خـوڵقانـدووە، ئـاسـایش و هێمنی لە پەیڕەوانـی هەمـوو ئـایین و بیروبـاروەڕەکان سەنـدوە، خەڵکی بەگـژ یەکدا کردوە، رێگەی پێشکەوتـن و شـارەسـتانەتـی و گەشەی ئـابـووری و کۆمەڵایەتـی و فەرهەنـگی گـرتـوە و دیکتاتۆری و ستەمکاری و شەڕ و ئاژاوە و کاولکاری بۆ ئەو کۆمەڵگایانە بەدیاری هێناوە.

ئێمە لەو بڕوایە داین کە جیایی دین لە دەوڵەت، واتـا سێکۆلاریزم، بـاشـترین خـزمەت بە هێمنی و تەبـایی و ئـاسـایشی پەیڕەوانـی هەمـوو ئـایینەکان دەکات و رێز و حـورمەتـی پێویستیان پێ دەبەخشێت. لەروانــگەی ئێمەوە دەوڵەت و یاســا بۆیان نیە ئــایین بکەنە ئیدیۆلۆژییەکی داسەپێنەر و بیکەنە دەسکایەی سیاسەت و نــابێ هیچکام لە ئـــایینەکان بەسەر ئەوانـی دیدا داسەپێنن یان فـشار و هەڵاواردن بەدژی هیچیان بەکار بێنن، واتـا نە دەبێ هیچ لایەنێک بەو بۆنەیەوە ئیمتیازی تایبەتی بدرێتێ و نە بخرێتە ژێر هیچ گوشار و هەڵاواردنێک، بەڵکوو بیروباروەڕی ئایینی هەرکەس تـایبەت بە خۆی و ویژدانـی خۆیەتـی و تێیدا ئازاد و سەربەخۆیە و دەبآ رێزی لێبگیرێ.

دروسـت کردنـی کێشە لەنێوان ئـایینەکانـی کوردسـتان و پەیڕەوانیان بەتـایبەتـی بەزیانـی یەکگرتوویی خەڵکی کوردستان و پرۆژە نەتەوەییەکەی و بەزیانی ئاسایشی شارۆمەندانە و لەگەڵ بنەماکانی دێمۆکراسی و مافی مرۆڤیش ناتەبایە.

**دەهەم. کۆمەڵە و خەبـاتــی پـارچەکانــی دیکەی کوردســتان.** کۆمەڵە بڕوای تەواوی بە پشـتیوانـی و هـاوخەبـاتـی لەگەڵ پـارچەکانـی دیکەی کوردسـتان هەیە و لە مێژووی خۆیدا نیشانـی داوە کە بەکردەوە بەو پڕەنسیپە پـابەنـدە و لەو پێناوەشـدا قـوربـانـی داوە. هیچ پـــارچەیەکی کوردســـتان نییە کە کۆمەڵە بە هەڵوێست و بەکردار لە کاتـــی تەنـــگانەکان

پشـتگیری لێ نەکردبێ، هەر لەو پێناوەشـدا کەوتۆتە بەر شـاڵاوی ئەنـفال و کیمیابـاران و دەیان کەس لە ڕۆڵەکانـی لە دەسـت داوە. هەروەهـا لە کاتـی هێرشـی داعـش بۆ سەر کوردستانی باشووریش جارێکی دیکە کۆمەڵە بە هەڵوێست و بە پێشمەرگە چۆتە مەیدانی بەرەنگاری نیشتمانیەوە و لە هیچ فیداکارییەک درێغی نەکردووە.

کۆمەڵە وەکوو هەمیشە پشـتگیری خۆی بۆ خەبـاتی هەرکام لە پـارچەکانـی دیکە و سۆز و خۆشەویستی و پەرۆشـی خۆی بۆ ئەوان و خەبـاتەکەیان و ئـامـادەیی خۆی بۆ هەمـوو هاوکاری و هاوخەباتییەکی پێویست دەردەبڕێت. لە هەمان کاتدا، کۆمەڵە لەو بڕوایە دایە کە پێویستە تـایبەتـمەنـدی مێژوویی و سیاسـی و فەرهەنـگی هەر کام لە پـارچەکانـی کوردستان دانی پێدا بندرێ و ڕێز لە ئیرادە و خەبات و ویست و داخوازییەکانیان بگیرێت. لە ڕوانگەی ئێمەوە هەر کام لە بەشەکانی کوردستان لە بڕیاردانی چارەنووسی خۆیان و هەڵبژاردنـی دروشـمی خۆیان و ڕێبازی خەبـاتیان سەربەخۆن و ئێمە هەمـوو هەوڵێک بۆ دەستێوەردان و خۆداسەپاندن و بەدیل سازی و بەپاشکۆ کردن ڕەد دەکەینەوە.

**یازدەهەم. کوردی ڕۆژهەڵات و سیاسەتی جیهانی.** گەرچـی لەسایەی خەباتـی نەپساوە و درێژماوەی تێکۆشەرانی کوردستان، پرسی کورد بەگشتی وەکوو پرسێکی سیاسی گرینگی ڕۆژهەڵاتـی نـاوەڕاسـت لە جیهانـدا نـاسـراوە، بەڵام کوردسـتانـی ڕۆژهەڵات هێشتا لەو بـوارەدا جێگەی شیاوی خۆی پەیدا نەکردووە. ئێمە نـاسـانـدنـی کوردی ڕۆژهەڵات و گرفتەکان و داخوازییە ڕەواکان و تواناکانی بە دنیای دەرەوە و ڕاکێشانی پشتگیری جیهانی بۆ بزووتـنەوەکەی بە مـافێکی ڕەوای گەلـی کورد و بە ئەرکێکی سەرەکی خۆمـان دەزانین و لە هەمـان کاتـدا جەختیشی لەسەر دەکەینەوە کە کاریگەرتـرین میکانیزم بۆ مەبەسـتە، کاری هەمـاهەنـگ و پێکەوەیی هەمـوومـانە. ئێمە بە پێویستی دەزانین و ئـامـادەین کە بە هەوڵی یەکگرتـووانە و بەردەوامـی هەمـوو دڵسۆزان کەمـوکووڕییەکانـمان لەو بـوارەدا قەرەبـوو بکەینەوە تـا بـتوانین جێگەی شیاوی خۆمـان لە کۆمەڵگەی نێونەتەوەییدا پەیدا بکەین.

سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران لەسەر بنەمای خوڵقاندنی دوژمنایەتی لەگەڵ گەلانی ناوچە و دنیای ڕۆژاوا، تێکدەری و ئاژاوەگێڕی و هەناردە کردنی تێرۆریزم، پێشێل کردنی یاسا نێودەوڵەتیەکان و خەونی فراوانخوازی و پێکهێنانی ئیمپەڕاتۆرییەکی شیعە دامەزراوە. کۆمەڵە ئەو سیاسەتە کە بۆتە هۆی هەژاری گەلانی ئێران و دواکەوتوویی و فەوتانی دەرفەتەکان بەتەواوی ڕەت دەکاتەوە و لەگەڵ بەرژەوەندی گەلی کورد و بزووتنەوەکەی بە ناتەبای دەزانێ. گەلی کورد خوازیاری دەستەبەر کردنی دۆستایەتی و هاوکاری لەگەڵ هەموو گەلانی ناوچەکە و جیهان و ڕەچاو کردنی یاسا نێودەوڵەتیەکان و کردنی کورد بە ئەندامێکی بەرپرس و جێگەی ڕێزی کۆمەڵگەی نێونەتەوەییە.

ئەو بەڵگانەی خوارەوەش دەبێ وەکوو بەڵگەگەلی پەسەندکراو رابگەیەندرێن و لینکەکانیان بدرێ:

ڕاگەیاندنی جیهانی مافی مرۆڤ و پرۆتۆکۆلە پەیوەستەکانی

ڕاگەیاندنی جیهانی دژی ئەشکەنجە

ڕاگەیاندنی جیهانی مافی ژنان

ڕاگەیاندنی جیهانی مافی منداڵان

ژینگە و گەشەی بەردەوام

هەڵبژاردنی ئازاد

دژی ئیعدام

بەڵگەکانی جنیڤا کال کە ئیمزامان کردوە.